cyan magenta yellow black File: P.13 fl ˙ Æ˝ ” 1



خەبات www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/4/20 ژمارە (5253)

# ستانلی کۆبریک.. دەرهێنەرێکی سینەمایی گۆشەگیر

کانیاو ساڵح

ستانلی کۆبریک لە 26ی یۆلیۆ ی 1928لە شاری نیویۆرک لە ئەمریکا لە دایک بووە،لە گەڕەکی بروکس نەشوو نوومای کردووە،ئەو کاتە باوکی پزیشک بوو،هێشتا ستانلی تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو کاری وێنەگری لە گۆڤاری (لوک) دەکرد،یەکەم بەرهەمی لە بواری دەرهێناندا ساڵی 1951بوو کە فیلمێکی دیکۆمێنتی 16خولەکی بوو بە ناونیشانی (ڕۆژی زۆرانبازی) دوای ئەویش دوو فیلمی دیکەی دیکۆمێنتی بە ناوی (فڕیو) و (کەشتییەوان) بەر لەوەی بتوانێ خێزانەکەی رازی بکات بە بەرهەمهێنانی یەکەم فیلمی درێژی خۆی ساڵی 1953بە ناوی (ترس و ئارەزووو) کە هەر هەموو کارە هونەرییەکانی خودی خۆی ئەنجامی دابوو.



کۆبریک کە مەعریفەو رۆشنبیرییەکی باشی لە بواری سینەمادا پەیدا کردو لە ڕووی پراکتیکیشەوە بە ڕۆحێکی فۆتۆگرافی خۆی پێ گەیاند،ئەم شارەزا بوونەی لە هونەری جوانکاریی فۆتۆگراف بوو بە مایەی بنەماییێکی پتەوی سینەمایی بۆئەو،بەتایبەت لەڕووی هارمۆنیەتی ڕەنگ وپەیوەندی ڕەنگەکان بە یەکترەوە ،وێڕای پشت بەستنی بە ئەزموونی نوێ ی هونەری ،ئەمە وای کرد کۆبریک ببێتە دەرهێنەرێک کە ڕۆشنبیرییەکی بەر فرەوان و هەمەڕەنگی لە دیدەوە هەبێت،ئەم توانستە هونەرییانەی کۆبریک لە فیلمی ( ماچی بکوژ ) ساڵی 1955 دەرکەوێت،کە ناودارییەتێکی زۆری بۆ کۆبریک پەیدا کرد و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە کار لە گەڵ گەورەترین ئەستێرەکانی بواری سینەما بکات،دوای ئەویش فیلمی ( کوشتن) هات ساڵی 1956کە ئەکتەری ناسراوی جیهانی (ستریلینگ هایدن) ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تێدا بینی

ستانلی کۆبریک ساڵی 1957یەکەم فیلمی خۆی بە ناوی (ڕێگاکانی نەمری) لە ستۆدیۆکانی ئەمریکا لە پاڵەوانیەتی ( کیرک دۆگلاس ) بەرهەمم هێنا ،لەو فیلمەدا کۆبریک پەنای بردە بەر بەکارهێنانی کامێرای سەر شان،بۆ دەرخستنی وردەی حاڵەتە درامییەکان،بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی ڕۆژنامەوانی،ئەمە وای کرد توخمی تۆماری بخاتە ناو فیلمە داستانییەکانی،وێڕای زێتر بە واقیع بوونی دیمەنەکان و ئاوێتە بوونیان .

کۆبریک ساڵی 1960لە ڕێگەی فیلمی مێژوویی (سپارتاکۆس) خۆی لە قەرەی سینەمای داستان دا،کە چیرۆکی پێشەوای شۆڕشی بەندەکانی ڕۆمای ساڵی 73ی پێش لە دایک بوونی دەگێڕایەوە،سەربووردەی ئەشکەنجەو ئازارو ئەڤینداری و یاخی بوونی سپارتاکۆسی بەندە،کە کیرک دۆگلاسی گەورە ئەکتەر ڕۆڵی دەبینی .. کە لە کانەکانی لیبیاوە دەستی پێکرد بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕش لە سەر ڕۆما دواتر گەڕانەوە بۆ بەدیل بوون ..

ئەم فیلمە چوار خەڵاتی ئۆسکاری بە دەست هێنا ،ئەمە وای کرد کە کۆبریک بڕیار بدات لە ئینگلتەرا جێگیر بیت،لەوێ ساڵی 1962فیلمێکی بوێرانە دەربهێنێ،کە لە ئەنجامیدا دووچاری کێشەیەکی زۆری سانسۆر بێتەوە،بە هۆی ئەوەوە کە ناوەڕۆکی فیلمەکەی لە ڕۆمانێکی بەناوبانگی ( فلادیمیر نابۆکۆف ) وەرگرتبوو ،فیلمەکە پڕ بوو لە کۆمێدیای ڕەش،وێڕای ئەو پەردەپۆشییەی بۆی کرابوو ،کرۆکەکەی گوزارشتی لە جۆرێک لە لاوازی دەروونیی و خەمۆکی مرۆڤ دەکرد،بە نیشاندانی هەڵسوو کەوتی ئەو پیرە مێردەی کە هەرچەندە خاوەنی پلەو پایەکی کۆمەڵایەتی دیارو بەرچاو بووە کەچی دەست درێژی دەکاتە سەر کچە عازەبێک ..



لە ساڵی 1964فیلمێکی دەرهێنا کە پلەی 26ی لە لیستی پەیمانگای فیلمی ئەمریکی بۆ 100باشترین فیلمە ئەمریکییەکان بەدەست هێنا ،هەروەها پلەی چواردەهەمینی لە لیستی گۆڤاری ئەنتەرتینمیتی هونەری لە ئەمریکا بۆ باشترین فیلمەکانی مێژووی سینەما بە دەست هێنا . فیلمی (دکتۆر سترانجلۆف) یان ئاوادەستم لە نیگەرانی هەڵگرت و بۆمبم خۆش ویست،کە لە چوارچێوەیەکی کۆمێدی چیرۆکێکی گاڵتە ئامێز بەرجەستە کراوە باس لە ئەگەرەکانی شەڕی ئەتۆمی لە نێوان هەهردوو جەمسەری شەڕی ساردی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەکات،کە چۆن ئەفسەرێک لە چەکی فڕۆکەوانی ئەمریکادا دووچاری شێت بوون دەبێت و ڕەوە فڕۆکەیەک بە هەڵگرتنی ئەتۆم بۆ دەست پێکردنی جەنگی ئەتۆمی دەنێرێتە سەر یەکێتی سۆڤییەت،چونکە ئەو مەزندەی ئەوە دەکات شیوعییەکان پیلانگێری دەکەن بۆ ئەو پیس کردنی ئەو ئاوەی ئەمریکییەکان دەیخۆنەوە .

ئەم فیلمە دە خەڵاتی بە دەست هێنا ،لەوانە سێ خەڵاتی ئەکادیمیای بەریتانی بۆ سینەماو تەلەفزیۆن ،هەروەها بۆ چوار خەڵاتی ئۆسکار پاڵاورا،داهاتی ئەو فیلمە لە ئەمریکا زێتر لە نۆ ملیۆن دۆلار بوو، ئەگەرچی بودجەی فیلمەکە 1.9ملیۆن بوو .

لە ساڵی 1968ستانلی کۆبریک یەکێ لە نایابترین فیلمەکانی بە ناوی (بۆشایی ئاسمان (2001نمایش کرد،کە داستانێکی خەیاڵی زانستییە هونەرێکی گەورەی تیایە دەربارەی وێنەی سینەمایی و شێوازی شیکردنەوەو نمایش کردن ..ناوەڕۆکی فیلمەکە لە ڕۆمانێکی ئارسەر سی کلارک بە هەمان ناونیشان وەرگیراوە،هەروەها لە فیلمەکەدا کاریگەر بوونی کۆبریک بە کتێبێکی دیکەی نیتشەی فەیلەسوف بە ناوی ئاوا زەردەشت دوا ..دیارە ..

دوای ئەم فیلمە ساڵی 1971 فیلمێکی دیکەی کۆبریک نمایش کرا کە بریتی بوو لە فیلمی ( بورتوقالی ئامێری) کە مشتو مڕێکی زۆری نایەوە و پەیمانگای سینەمای ئەمریکی پلە 46ی پێ بەخشی لە لیستی باشترین 100فیلمە ئەمریکییەکان لە مێژوودا .. کە تێیدا باس لە کاری توندو تیژی مرۆڤ دەکات لە ژیاندا ،هەروەها پەیوەندی لە گەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان،وێڕای نیشاندانی چەند وێنەیەکی سرنج ڕاکێش دەربارەی کۆمەڵگەی نوێ کە تێیدا مرۆڤ تا پلەی ئامێر بچووک دەکرێتەوە ..

لە ساڵی 1972کۆبریک لە فیلمی (باری لیندۆن) بە پشت بەستن بە ڕووناکی سروشتی ئەورۆپای گەڕاندەوە سەدەی هەژدەهەم،فیلمەکە لە سەرەتای بینیندا مەزندەی ئەوەت پێ دەبەخشێت کە فیلمەکە فیلمێکی کلاسیکییە لە ڕووی پۆشاکی کەسایەتییەکان کەچی بابەتە سەرەکییەکەی دەپرژێتە سەر ڕێکەوت وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە ژیانی مرۆڤدا .. فیلمەکە باس لە کۆمەڵێ ڕوداوی یەک لەدوای یەکی گەنجێک دەکات ,کە ناتوانێ بەرگەی زۆرینەی ئەو ڕوداوانە بکات .. هەموو ئەو ڕوداوانەی بە ڕێکەوت بۆی دێنە پێشەوە لە ئاکامدا بەرەو هەڵدێری دەبەن ..

ساڵی 1980فیلمی (تیشک) ی بە بەرهەم هێنا ،کەلە ڕۆمانێکی (ستیڤان کینک) وەرگیراوە،کە تێیدا (جاک نیکسۆن) ی ئەکتەر گەورەترین داهێنانی بە دەست هێنا و بەرجەستەی ژیانی نووسەرێک دەکات کە هێدی هێدی بەرەو شێت بوون دەچێت،ساڵی 1978یش ستانلی کوبریک فیلمی (عەمبارێک لە فیشەک) ی بەرهەم هێنا ،کە لە ڕێگەی تێڕوانینی سەربازێکی سەر بە دەریاوانی ئەمریکی چەند وێنەیەکی کاریگەر دەربارەی شەڕی ڤێتنام دەخاتە ڕوو ،دوا فیلمی کۆبریک ساڵی بەر لە ماڵئاوایی کردنی لە حەوتی مانگی مارسی 1999لە لەندەنی پایتەختی لەندەن فیلمی چاوە داخراوەکان بە فرەوانی خۆیانەوە بوو،کە باس لە ژیانی دوو هاوسەر دەکات کە هەردوو ئەکتەر نیکۆل کیدمان و تۆم کرۆز ڕۆڵی تێدا دەبینن، ستانلی کۆبریک – لە کاروانی هونەری خۆیدا کە نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبێت،چەندین توخمی نوێ ی خستۆتە بەر داهێنانی سینەما ،بە هۆی داهێنانی چەندین شێوازی نوێ لە سینەمادا ،بە تایبەت لە ڕووی دارشتنەوەی گێڕانەوەی سینەمایی،کە دواتر چەندین لە دەرهێنەرەکان سوودییان لێی بینییەوە ،لەوانەش شێوازی بڕین و لێک بەستنەوەی خێرای فیلم بۆ بەرجستە کردنی نوێترین ئەو ڕووداوو تاوانانەی لە فیلمەکاندا دەخرێنە ڕوو ،هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە نوێیانەی کە بۆ وێنەگرتنی ژیان لە بۆشایی ئاسمان و فیلمەکانی خەیاڵی زانستی دا بەکار دەهێندرێن ..

ئەو دەرهێنەرە لە قۆناغە جیاوازەکانی دەرهێنانی خۆیدا زێتر لە سێنزە فیلمی هەیە و هەمیشە سازشی لە سەر سەربەخۆیی خۆی نەکردووە،بۆ ئازادی لە هەڵبژاردنی بابەتی فیلمەکانی خۆیدا ،وێڕای هەموو ئەو فشارانەی لەملاو لەولا خراوەتە سەری،بە تایبەت لە ڕووی بەرهەمهێنانی فیلم لە سەر یەهود ..کۆبریک هەمیشە ڕەتی ئەوەی دەکردەوە کە ببێت بە دەرهێنەرێکی بەکرێ گیراو لە هۆلیود ،بەڵکو هەمیشە بە تەنگ ئەوە وەبوو کە پارێزگاری لە سەربەخۆ بوونی خۆی و تێڕوانینی مرۆیی خۆی بکاتەوە لەسینەمادا.

تێکڕای فیلمەکانی گوزارشت کردن بوو لە سەرجەم مرۆڤایەتی،لە ڕووی ڕەسەنایەتی ژیان و خەونەکانی مرۆڤ بە گشتی،بۆیە هەمیشە فیلمەکانی وەک چەند پارچەیەکی ڕێکو پێکو هاوسەنگی موزیک دەردەکەوتن،کە پڕ بن لە هزرو هەستی مرۆیی،بە ستایلێکی تایبەتمەندو جیاواز،ئیدی هەر لە فیلمی ڕۆمانسی و جەنگەوە هەتا دەگاتە فیلمی داستانی مێژوویی و خەیاڵی زانستی و فیلمی ترسناک و تۆقێنەر .

هەمیشە فیلمەکانی کۆبریک زەمینە بۆ پانتیایی مەعریفەی بەرفرەوان و جۆراو جۆر لە شێوە دا خۆش دەکەن،خۆی لە تەقلیدیەت دوور دەکاتەوە،دەخزێتە نێو کرۆکی ژیان و ململانێکانی،وەک لە فیلمی ( سترانجلاف ـ ی دکتاتۆر) دا دەردەکەوێت،کە تێیدا کۆبریک فیلمەکەی بەتەکنیکی حیکایەتخوانێکی شارەزا دەست پێ دەکات کە بە دەنگێکی پڕ لە بەرائەت و ڕاستگۆیانە قسە دەکات.

کۆبریک لە زۆربەی فیلمەکانیدا ئەم شێوازەی بە کارهێناوە،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لای ئەو ئەوەیە کە پێشکەش کردنی حیکاتخوانێکی ئاواش ناکرێت متمانەی پێ بکرێت،ئەمە لۆژیکی مەعریفەو ڕاستگۆییە،بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەکرێ بڕوا بە هەر دەرهاوێشتەیەک بکرێت کە مەعریفە بەرهەمی دێنێ،خۆ ئەگەرچی ئەو حیکایەتخوانە بە دەنگ و سۆزێکی زۆر واقیعیانە زانیارییەکانمان دەربارەی لەناو بردنی مرۆڤایەتی بە ناو (ئامێری ڕۆژی حیساب) پێشکەش دەکات،ئەوە دەست بە جێ و هەر لە یەکەم چرکەدا سروشتی کۆمێدی و گاڵتە ئامێزی فیلمەکەمان بۆ یەکلا دەکاتەوە .



# غەزالی

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

ئەبو حامید محەمەدی غەزالی ( 450ژ 505 کۆچی مانگی) فەیلەسووف، موتەکەلیم و زانای ئایینی و گەورەترین کەسایەتی تەسەوفی سەدەی پێنجەم بوو، لە ساڵی 450ی کۆچی لە شاری توسی خوراسان لە دایک بوو. لە سەردەمی منداڵی لە زێدەکەی دەرسی دەخوێند. باوکی لە رستنی خوری ژیانی خێزانەکەی دابین دەکرد. ئەوەی دەیڕست لە دوکانێک لە بازار دەیفرۆشت و بەم هۆیەوە پێیان دەگۆت غەزالی. باوکی محەمەد غەزالی پیاوێکی لە خوا ترس بوو و زۆربەی کات لە کۆڕی زانایان ئامادە دەبوو. دوو کوڕی هەبوو: محەمەد و ئەحمەد. ئەو دوو کوڕە منداڵ بوون، کە کۆچی دوایی کرد. بە پێی ڕاسپاردەی ئەو، کوڕەکانی دایە دەستی ئەبو حەمید ئەحمەد کوڕی محەمەد ڕازکانی، کە سۆفی بوو. ئەو پیاوەش ڕاسپاردەکەی بەجێهێنا تا میراتەکەی باوکیان تەواو بوو. ڕۆژێک بەوانی گوت: "هەرچی لە باوکتان مابوو بۆ ئێوەم خەرج کرد. من پیاوێکی هەژارم، ئێستا بۆ دەرس خوێندن دەبێ بچنە قوتابخانەیەک تا ئەوەی مانگانە وەردەگرن، سکتانی پێ تێر بکەن، کە من هیچم نییە، محەمەد و برایەکەی ناچار چوونە قوتابخانەیەکی ئایینی لە نیشابور و دەستیان دایە دەرس خوێندن. ئەبو حامید محەمەدی غەزالی زۆر زیرەک و زانا بوو. زانستی ئایینی و ئەدەبی لای ئەحمەد زارکانی فێر بوو، دوایی ماوەیەک لە قوتابخانەکانی توس دەرسی دەخوێند. دوایی چووە گورگان لای ئەبو نەسر ئیسماعیل. دوای ماوەیەک گەڕایەوە توس و بۆ ماوەی 3ساڵ لە توس دەرسەکانی دەورە دەکردەوە.

ئیمام محەمەدی غەزالی لە ساڵی 470ی کۆچی چووە نیشابور و لەوێ لەگەڵ ئیمامولحەرەمەین جووەینی ئاشنا بوو و تا کۆچی دوایی جووەینی لە ساڵی 478 کۆچی لەگەڵی دابوو. خوێندنی غەزالی تەنیا لە فیقهـ نەبوو. ئەو لە زانستەکانی دیکە وەکو جیاوازی ئایینزاکان، مشتومڕ، لۆژیک و فەلسەفە شارەزایی پەیدا کرد، تا ڕادەیەک لە هەموویان باڵا دەست بوو. لە نێوان قوتابیانی جووەینی، کە هەموویان لە زانایانی ئەو سەردەم بوون، بە جۆرێک پێش کەوت و ئیمامولحەرەمەین شانازی دەکرد، کە قوتابییەکی وەهای هەیە.

دوای کۆچی دوایی جووەینی، ئیمام محەمەدی غەزالی بۆ دیتنی خواجە نیزامولمولکی توسی، وەزیری سولتان مەلیکشای سەلجولی لە نیشابور، چووە دەرەوە و وەزیری لە نێو لەشکرەکەی بینی. نیزامولمولک کەیفی بە غەزالی هات، ڕێزی لێگرت و لە سەرووی هەمووانی دانا و غەزالی ماوەی 6مانگ لەگەڵ ئەو دابوو. دوایی بۆ وانە وتنەوە لە نیزامیەی بەغدا غەزالی ڕەوانەی ئەوێ کرد. غەزالی لە ساڵی 483ی کۆچی چووە بەغدا و بەسەرکەوتوویی کارەکەی دەستپێکرد و کەوتە بەر سەرنجی زانایان. کۆڕی وانەوتنەوەی ئەو هەر ڕۆژ پەرەی دەسەند و فەتواکانی ئەو ناوبانگی دەرکرد. ناوبانگی لە هەموو جێگایەک بڵاو بۆوە. غەزالی لە بەغدا لەکن وانە وتنەوە، دەستی دایە نووسینەوە لە بواری فیقهـ و کەلام و ڕەدی ڕێچکەکانی دیکەی وەکو ئیسماعیلیە و فەلسەفەی دایەوە.

لەم قوناغە لە ژیان دابوو، کە لە باوەڕە ئایینی و تەواوی زانیاریە هەست پێکراو و عەقڵی خۆی کەوتە گومانەوە، بەڵام ئەم گومانە لە دوو مانگ زیاتر نەیخایاند و دوای ئەوە دەستی دایە توێژینەوە لەبارەی ڕێچکە جۆراوجۆرەکان و لە زانستی کەلام بووە مامۆستا و لەم لقە خاون پەرتووکە. ئەو کاتە دەستی دایە خوێندنی فەلسەفە، بەڵام بەبێ ئەوەی یارمەتی لە مامۆستایەک وەربگرێ، کتێبە فەلسەفیەکانی خوێندەوە. غەزالی کاتی بۆشایی لە وانە وتنەوە تەرخان کردبوو بۆ خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفییەکان و ئەم کارە 3ساڵی خایاند. چۆن فەلسەفەی تەواو کرد، دەستی دایە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئیسماعیلیە و زانیاری لەبارەی ڕێچکەی ئەوان بەدەست هێنا. لەم قۆناغە لە تەمەنی دابوو، کە دەستی دایە نووسینەوەی کتێبەکانی "مقاصد الفلاسفه" و "تهافت الفلاسفه" و "المستهظرین" کە هەر کتێبەکەی "فضایح الباطنیه و فضائل المستهظریه" و هەندێک کتێبی فیقهی و کەلامی دیکە.

### سەفەرکردن بۆ شام

ئیمام محەمەدی غەزالی لە ساڵی 488ی کۆچی لە خوراسان بەرەو شام ڕۆیشت و لەوێ نزیکەی دوو ساڵ مایەوە و هیچ کارێکی بێجگە لە خەڵوەت و گۆشەنشینی نەبوو. ماوەیەک لە مزگەوتی دیمەشق ئیعتیکافی کرد. دوایی لە شام چووە بەیتولمەقدەس و هەر ڕۆژ دەچووە مزگەوتی "قبە الصخره" و خۆی لەوێ زیندانی دەکرد و هەندێک جار مزگەوتی گێسک دەدا و خزمەتی زیارەتکەرانی دەکرد. تا ئەوەی ئارەزووی حەجی کردو بەرەو حیجاز وەڕێکەوت، لەسەر ڕێگە لە ئەلخەلیل هەروەکو لە "المنقذ من الضلال" هێناویەتی، لەسەر گۆڕی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ خوا پەیمان دەبەستێ، هیچ کات دوو کار نەکات: خەڵات لە پاشاکان وەرنەگرێت و لەگەڵ موتەکەلیمان مشتومڕی کەلامی نەکات. دوایی گەڕایەوە توس و لەوێ خەڵوەتی کرد و تا دڵی پاک بکاتەوە دەستی دایە زیکر کردن. ڕووداوەکانی زەمان و گرنگایەتی ژن و منداڵ و دابینکردنی ژیانی ئەوان، لێنەدەگەڕا بگاتە مەبەست و ئاسایشی ئەوی تێک دەدا. ئەم بارودۆخە دە ساڵ خایاندی و غەزالی لەم ماوەیەدا بەناوبانگترین کتێبەکانی خۆی، بەتایبەت "احیاء علوم الدین"ی نووسیەوە.

### گەڕانەوە بۆ نیشابور

غەزالی لە ساڵی 499ی کۆچی لە گۆشەنشینی دەرهات و چووە نیشابور و لە نیزامیەی ئەم شارە وانەی وتەوە. هۆی گەڕانەوەی بۆ نیشابور و وانەوتنەوە لە نیزامیە، سەرەڕای ئەوەی لە بەغدا چاوپۆشی کردبوو و لەو ڕووداوە دە ساڵ تێدەپەڕی، فرمانی پاشا بوو، چونکە ئەم ئەمرە بە ڕادەیەک توند بوو، ئەگەر سەرپێچی بکردبا، ئەگەری کوشتنی لە ئارا دا هەبوو، بەڵام پاشایەک کە غەزالی بانگهێشتی کردبوو، محەمەد برای برکیارقی سەلجوقی بوو، کە لە ساڵی 498ی کۆچی ببووە پاشا و ڕەنگە هۆکاری گەڕانەوەی بۆ نیشابور، فەخرولملوکی وەزیر، کوڕی نیزامولمولک ببێت، کە لە بەغدا غەزالی دانابووە سەر وانە وتنەوە. مانەوەی غەزالی لە نیشابور زیاتر لە دوو ساڵی نەبرد، کە دیسانێ وازی لە وانە وتنەوە هێنا و لە توس گۆشەنشنی کرد، دەرکەی ماڵی لەسەر دۆست و بێگانە داخست و سەرەڕای ئەوەی سولتان سەنجر ئەوی بۆ وانە وتنەوە بانگ کردبوو، غەزالی نەچوو و بیانووی هێنایەوە و هەروەها لە ماڵی خۆی مایەوە، تا ئەوەی دوای دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد.

غەزالی لە ڕۆژی دووشەممە 14ی "جمادی الثانی" ساڵی 505ی کۆچی لە تەمەنی 55ساڵی لە شاری توس کۆچی دوایی کرد و لە تابرانی توس بە خاک سپێردرا. گوتراوە لە سەرەمەرگی، لە بن سەری نووسراوەیەک دۆزراوەتەوە، کە تێیدا ڕایسپاردبوو دۆستانی لە دوای مردنی نەگریێن و جەستەی ئەو تەنیا وەکو جلێک یان خانووێک هەژمار بکەن، کە تەنیا چەند ڕۆژێک تێیدا ماوەتەوە و دوایی جێیهێشتووە.

### فەلسەفەی غەزالی

غەزالی لەو کەسانەیە کە موسڵمانانی هان دەدا، دوورە پەرێز بن لە فەلسەفە، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە فەلسەفەی بە کێشە نەدەزانی، بەڵام بەهۆکاری لاوازی باوەڕی تاکی موسڵمانی دادەنا.

کتێبی بەناوبانگی "تهافت الفلاسفه" کە ڕەنگە گرنگترین هەڵسەنگاندن و ڕەدی بیروڕای ئەرەستۆیی بێت لە مێژووی فەلسەفەدا، غەزالی بە شێوەیەکی فەلسەفیانە و ڕەخنەیانە ئەو کتێبەی نووسیوەتەوە. تێیدا بیست پرسی لە فەلسەفە داوەتە بەر ڕەخنە و بە بۆچوونی خۆی قسە دژ بە یەکەکانی فەیلەسوفانی ڕوون کردۆتەوە. غەزالی لە زۆربەی گفتوگۆکانی بۆچوونی عیرفانی و تەسەوفی بەکارهێناوە و کەمتەر لۆژیکی کەلامی هەیە، کە ئەبوعەلی سینا بەهۆی چەند پرسێک، بۆ نموونە پرسی بێ سەرەتایی بوونی جیهان، بە بێ باوەڕ دادەنێ. ئیبنی ڕۆشدی ئەندەلۆسی لە کتێبی "تهافت التهافت" وەڵامی غەزالی داوەتەوە.

شێوەی لۆژیکی غەزالی کە لە نووسینی "تهافت الفلاسفه" بەکاری هێناوە، ئەمڕۆ فەلسەفەی ڕەخنەیی پێ دەڵێن. عەیبەکانی کە غەزالی لە فەیلەسوفانی مەشایی گرتووە، لە خۆدا فەلسەفینە و دوایی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەموویان لەلایەن فەیلەسوفانی وەکو دیکارت، هیوم و کانت ڕێکوپێک کراون. وەڵانانی هۆکار، ڕێژەیی بوونی ئاکار، باوەڕ نەکردن بە هەستەکان، کاریگەری بوونی عەقڵ و ... کە غەزالی لەم کتێبەدا ئەوانی بە شێوەی لۆژیکی و عەقڵی ڕوون کردۆتەوە، هەموویان پرسی فەلسەفی هەژمار دەکرێن، کە لە سەدەکانی دوایی، خۆیان هەوێن و هاندەری دەرکەوتنی قوتابخانە نوێیەکانی فەلسەفە بوونە.

### نووسراوەکانی محەمەد غەزالی

لە نێو هزرمەندانی ئیسلامی، هیچ کەسێک بە ئەندازەی ئەبو حامید محەمەد غەزالی نووسراوی نییە. دەڵێن نووسراوەکانیان ژماردە و لەسەر ڕۆژەکانی ژیانیان دابەشیان کردووە، هەر ڕۆژ چوار نامیلکەی کردووە.

عەبدوڕەحمان بەدەوی، زانای میسری، کۆی نووسراوەکانی غەزالی بە 457ناو بردووە، کە 72کتێب بێگومان هی خودی غەزالییە، بەڵام لە ئەوانەی دیکە گومانی لا دروست بووە.